کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
5-7-2007 3:52بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**ئەگەر من سەرۆکی حکومەت بم... شەهلا سیان**

ڕۆژی هەینی کاتێك نێتەکەم کردەوە و چومەسەر ماڵپەری کوردستان نێت و بەمانشێتەکانا هاتمە خوارەوە لە مانشێتی ژمارە (39) دا نوسرابوو نامەیەکی کراوە بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاتێك کردمەوە و خویندمەوە نامەی مامۆستایەکی بەرێزی سەنتەری ڕۆشنبیریی قوشتەپەیە من ئەم مامۆستایە ناناسم بەلام یەکجار لەسەنتەرەکەیان میوان بووم ئەمەوێت چیم بینی لە سەر ئەو مامۆستایە ئەوە باس بکەم من ماڵە خزمیکم لە قوشتەپەیەو چومە سەردانیان پاش نیوەڕۆ کچێکی ئەوماڵە خزمەم وتی من دەورەی کۆمپیوتەرم هەیە لە سەنتەر پێم خۆشە لەگەلم بێی منیش لەگەلی چووم



چوینەسەنتەرەکە و منیان بەسەنتەر ناساند وەك میوانیك و ڕێزێکی زۆریان لێگرتم چوینە هۆڵی کۆمپیوتەر و دەست بەدەورەبکرێت مامۆستا هاتەژوو رەوە پێیان وتم ناوی مامۆستا هەلمەتە گەنجیکی رێك محترم سلاوێکی کردو پاشان تایبەت بەخێرهاتنی منی کردوەکو میوانو ڕێزیکی باشی گرتم زۆر سەرنجم دا لەهەڵسوکەوتی لەروخساری لەشێوەی وانەکەی تابلێی مامۆستایەکی زیرەك و ڕێك بوو لەگەل ئەو قوتابیە کچانەو بەوپەری خۆماندووکردنەوە وانەکەی ئەوتەوە پرسیم ئەوەلەبەرمن ئەوها خۆی مشەوەشکردوە یان هەرخۆی وایە وەلامیان دامەوە بەوەی کەلەکۆتای وانە تا تەئکیدنەکاتەوە هەموومان ئەو وانەیە فیر بووین نایەلێت بڕۆین لەلایەن خۆمەوە ئیرەیم پێی دەهات، حەزم کرد ببم بەقوتابی ئەو چونکە من دوو خولی تایبەتم بینیوە بۆکۆمپیوتەر هیچکامێکیان وەك ئەو بەگورو تین نەبوون. کاتی لەناو دەورە بووین مامۆستا دەستی بەدەمیەوە گرت و چوەدەرەوە یەك دوو قوتابی بەدوایدا چوون مامۆستا لەژوورەکەی تر کەوتبوو زۆر شر بوو نەخۆش بوو معیدەی ژانی ئەکرد ئاگای لەخۆی نەبوو هاوکارانی لەسەنتەر حەب و عیلاجیان پیدا توزیك هاتەوە سەر خۆی و هاتەوە هۆڵی کۆمپیوتەر و درێژەی بە دەورەکەی دا هەرچەند قوتابیەکان پێیان ووت مامۆستا نەخۆشی ئەمرۆ وانە مەڵێوە برۆ ئیسراحەت کە بابۆ بەیانی بێت مامۆستا هەر بەردەوام بوو لەلایەن خۆمەوە شتێکم بۆ دروست بوو وتم لەوانەیە پارەیەکی باش وەربگرێت بۆیە ئەوەندە گرینگی بەدەورەکە ئەدات بەو نەخۆشیەشەوە بۆ یە خۆم پێنەگیراو پرسیارم لێکرد مامۆستا راتبت چەندە لێرە؟ وتی راتب راتبی جی!! وتم چەند وەرئەگری لەسەنتەر؟ وتی بۆ سەنتەر بەشی خۆی ئەکات تا بیدات بەمن وتم بۆ؟ وتی سەنتەر تەنیا حەفت سەدو پەنجا هەزار دینار وەرئەگرێت ئێمەش ئەوەندە خول ئەکەینەوە و چالاکیمان هەیە مانگانە قەرزاریش ئەبینەوە پیم وت ئەی چۆن ئەم خولانە بەخۆرای ئەلێیتەوە وتی ئەمەوێت گەنج و لاوی وڵاتم پێش بکەوێت کە ئەوانیش پێش کەوتن ولاتیش پێش ئەکەوێت کەواتە من جیگام دیارە لەولات و پارەم بۆچیە من هیوایەتم ئەوەیە حکومەتەکەم پێش بکەوێت. زۆر سەرم سورما لە هەلسوکەوت و لە قسەکانی ئەو مامۆستایە لەلایەکی تریش زۆر پێی خۆشحال بووم کە بەوشێوەیە بیرئەکاتەوە بۆ ولاتەکەی بەلام کاتێك ئەو نامەکراوەیەیم بینی کەلە کوردستان نێتدا بلاوکراوەتەوە بەراستی خەم دایگرتم و وتم تۆ بە و هەموو خۆشەویستیەوە کاربکەیت بۆ حکومەتەکەت ئێستا توشی ئەوکارەساتەبیت حکومەتەکەت هیچت بۆ نەکات. لەدوا پەیڤمدا ئەلێم ئەگەر من سەرۆکی حکومەت بوام مامۆستا هەڵمەتم ئەکرد بە وەزیری لاوان نەك بەوشێوەیە پشت گوی بخرێت

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.